# دۆسیەی ئاسایشی هەرێم لە دەست ئەمریکادا نەبوو، تا رادەستی بکاتەوە!

رۆژی چوارشەممەی رابردوو، ٣٠-٥-٢٠٠٧ لە رێورەسمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی هێژا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وا پیشاندرا کە دۆسیەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە هەر سێ پایزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی و بەشێک لە پارێزگاری کەرکوک دەگرێتەوە، لە هێزەکانی ئەمریکا وەردەگیرێتەوەو رادەستی هێزەکانی کوردستان دەکرێتەوە. لەوانەیە هەموو خەڵکی کوردستان و چاودێرانی سیاسی و وڵاتانی دەورەبەریش باش بزانن کە هەرگیز دۆسیەی ئاسایشی ئەو شارانەی کەبەر لە روخانی رژێم لەدەست هەردوو ئیدارەکەی یەکێتی و پارتی دابوون بە هێزەکانی هاوپەیمانان و فرە رەگەزەکان نەسپێردرابوون، ئەی باشە لەم کاتەدا بەرێوەبردنی ئەو مەراسیمە بە چ مەبەستێکەوە ئەنجام دراوە؟!

رێزدار نێچیرڤان بارزانی لە وتەکەیدا کە بەو بۆنەیەوە پێشکەشی کرد زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەرچی هاوپەیمانان رۆڵیان لە سەقامگیرکردنی ئاسایشی هەرێمەکەدا هەبووە، بەڵام وەکو پێویست هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان نەکردووە، ئەو هیوای خواست کە هێزی فرە رەگەزەکان چاو بەو رەفتارەیاندا بخشێننەوە.

راستیەکەی هیزی پێشمەرگەی کوردستان تاکە هێزێک بووە کە لە پرۆسەی ئازادی عێراق هاوکاری هێزی هاوپەیمانانی کرد، رۆڵی خۆیشی لە رووخاندنی رژێمی سەدام دا بینی، وەلی دواتر بایەخی پێنەدراو پڕ چەک نەکرا. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەربەراورد لەنێوان هاوکاری هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی عێراقی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوورو هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کە هاوپەیمانان تەواوی توانای خۆیان بۆ دروستکردن وراهێنان و بەهێزکردنی هێزەکانی عێراقی داوە، بەڵام زۆر بە دەگمەن لابەلا هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پێشتر ئاسایش و هێمنایەتی شارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەوە دابین کرابوو. واتە هێزیکی دامەزراو، مەشقپێکراو لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم هێنرابوو، بەو هۆیەشەوە دۆسیەی ئاسایشی شارەکانی هەرێم لە دەست هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگەدا مایەوە و رادەستی دیتران نەکرا.

وەک دەزاندرێ کە ئەمریکاو هاوپەیمانان لە عێراق دووچاری تەنگژەو قەیران هاتوون، رای گشتی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی دیکە چیتر بە قسەی بریقەدار و چەواشەکاری و بانگەشەی گێڕانەوەی ئاسایش بۆ بەغداد فریو ناخۆن، ئەمریکاو حکومەتەکانیان لەژێر گوشار دەنێن و لێیان دەخوازن کە هێزەکانی خۆیان بکشێننەوە، ئیدی لەم کاتەدا ئەمریکا بە پێویستی دەبینێ کە شانۆگەریەکی فریودەرانە لەبەرانبەر جیهانیان بەرێوەبچێ و وا بنوێندرێ کە ئێستا لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان ئاسایش و هێمنایەتی مسۆگەر و دابین کراوە، ئیدی هێزەکانی فرە رەگەز سەرکەوتوون و ئەرکی خۆیان بە باشی جێبەجێ کردووە، بۆیە ئاسایش رادەستی هێزەکانی ناوخۆ دەکەنەوە.

ئێستا ئەگەر ئاسایشی هەرێم بە مانگەکانی پێشوو بەراورد بکەین، دەبینین ترسناک ترە، تیرۆریستان کوردستانیان کردۆتە ئامانجی خۆیان، ماوەیەکی کورتە تەقینەوەیەکی گەورە لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە پێتەختدا روویداوە و ئاسایش و هێمنایەتی هەژاندۆتەوە.

هەڵبەت کوردستانیان دەزانن کە هێزەکانی هاوپەیمانان رژێمی بەعسیان رووخاندووە، دەشزانن کە رۆژێک لە رۆژان ئاسایشی کوردستانیان بەدەستەوە نەگرتووەو ئامادەش نەبوونە وەکو شارەکانی عێراق راستەوخۆ بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن. وەکو پێویست هاوکاری کوردستانیان نەکردووە، لاگیریان لە خواست و داخوازیەکانی کوردستانیان نەکردووە، هەوڵیان داوە بە خشکەیی خۆیان لە برگەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠ بدزنەوەو جێبەجێیان نەکەن.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی دەربکەوێ کە دۆسیەی ئاسایشی هەرێم لە دەست ئەمریکاو هاوپەیمانان دا نەبووە، ئەو سەردانە فەرمیانەی شاند و گەورە بەرپرسانی ئەمریکایە کە دەهاتنە کوردستان، بە فەرمی پێشوازیان لێدەکراو هێزەکانی ناوخۆی کوردستان دەیانپاراستن.خۆشیان لەبەردەم پەیامنێر و نوێنەری راگەیاندنەکاندا دایانگوت کە هەرێمی کوردستان ئارامەو ئاسایشی بەرقەرارە.

لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە تا ئەمڕۆ ئاسایش و فەرمانڕەوایی شارە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان لە دەست هێزەکانی حزبە کوردستانیەکان دابووە، عەرەبە دەمارگیر و کۆنەپارێز و جیهانیانیش ئەو راستیەیان بۆ باسکراوە، یان خۆیان هاتوون و باسیان لە ئاسایش و فەرمانڕەوایەتی کوردستان کردووە، بەڵام کە ئێستا وا پیشان دەدرێ کە ئەمریکاو هاوپەیمانانی هێزی ناوەخۆی هەرێمی کوردستانیان پێگەیاندووە و فێری ئەوەیان کردوون کەچۆن ئاسایش و هێمنایەتی بپارێزن، زیانێکی گەورە بە ئەزموونەکەمان دەگەیەنێ کە هەمیشە باگەشەمان بۆ کردووەو وامان راگەیاندووە کە هەرێمی کوردستان لە سایەی حکومەتی هەرێمەوە ئاسایشترین هەرێمە لە عێراقدا، ئەمەش پێچەوانەی بانگەشاکانی پێشووترمانە، بە ئاوەژووکردنەوەی راستیەکانە، راستەوخۆش لە بەرژەوەندی دیتران دایە.

هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لێبڕاوانە شەونخونیان کێشاوەو بە هێزو توانای خۆیانەوە هەوڵی پاراستینی سەرو گیانی خەڵکیان داوە، هەق نیە لەبەر گەورەکردنەوەی رۆڵی هاوپەیمانان هێڵێکی راست و چەپ بەسەر کۆشش و ماندووبوونی خۆمان دابهێنین و وا پێشان بدەین کە ئەوان ئێمەیان پاراستووە، لە کاتێدا پێچەوانەکەی زۆر راستە. ئەوەتا لە هەموو شارەکانی عێراقدا سەربازی هاوپەیمانان دەکوژرێن و دەرفێندرێن، کەچی لە کوردستاندا بە ئازادانە دەسووڕێنەوە، ئاسوودە دەخەون و پاسەوانیشیان لێدەکرێ.

لە شارەکانی عێراق دا سەربازی هاوپەیمانان بۆ خۆیان ئێشک دەگرن و پاسەوانی لە خۆیان دەکەن، بەڵام لێرە لە کوردستاندا هێزەکانی ناوخۆ یان هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیانپارێزن و پاسەوانیان لێ دەکەن. بنکەو بارەگای هێزەکانی هاوپەیمانان لە نێو شارەکانی کوردستاندا گەواهی ئەو راستیە دەدات کە ئێمە ئەوان دەپارێزین .

هێنانە گۆڕێی ئەو سیناریۆیە لەو کاتەدا لە رووکەش هێزو شیانی کوردستانیان و هێزەکانی ناوخۆ پێشان دەدا، بەڵام لە پشتی پەردەوە پێمان دەڵێن ئیدی خۆتان دەبێ پارێزگاری لە ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی وڵاتانی دراوسێ و هێرش و پەلاماری گروپە توندڕۆکاندا بکەن.

هاوپەیمانان ئەگەر لەگەڵ پەیامی خۆیاندا راستگۆن، با هێزی پاسەوانی هەرێم و هیزەکانی ناوخۆ پڕچەک بکەن، ئەگەر ئەوان دەیانەوێ ئاسایشی هەرێم پارێزراو بێ، دەبێ تەواوی کەلوپەل و چەک و ئامێرە سەربازیەکانی خۆیان پێشکەش بە هێزە چەکدارەکانی کوردستان بکەن.

**ئامادەکردنی: رۆژی گەل**



# سەعد حەریری پێشوازیێ ل بریارا (١٧٥٧)یا دادگەها نێڤدەولەتی دکەت

ل شەڤا ٣١/٣٠-٥-٢٠٠٧ ئەنجومەنێ ئاسایشا نەتەوێی یەکگرتوو ل نیۆرکێ بۆ پێکئینانا دادگایا نێودەولەتی لگۆر بریارا (١٧٥٧) کو. دەولەتا دەنگ بۆ داو پێنج دەولەتێن دن دگەل دانەبوون، وەکا سین و رۆسی یەو ئەندۆنیسیاو ئەفریقیاو قەتەر. دگەل دەرکەتنا بریارێ ئێکسەر سەعدی حەریری گۆتارەک پێش کێشی گەلێ لوبنانێ کر دوان پەیڤێن نازک دەهەستێ مرۆڤایەتی هەژاندو ئەز باوەرم نەک تەنها گری کەتە د گەورياو بدە، بەلکی هەر کەسێ دیتی و گولێ بوی دناف وی هەستی دا ژیاو بهە لویستێ وی داخبار بوو بیر لوان باهۆزێن ترسناک و نەراوا کر، ئەو رۆژە ب رویدانەکا دیرۆکی نافکرو بسەرکەتن ئینا زمان، بەلێ رژێما سوری د راگەهاندنێن خوەدا خویاکر کو ئەف بریارە مای تێکرنەکا نافخۆیا لوبنانێ یەو ئاسایش و ئێمناهیا وێ دێ تێکدەت، ددهەمان شەف دە سەرۆک وەزیرێن لوبنان سهنیۆرا د گۆتارا خوە دا داخویاکرن کو ئەف ببریارە نەدژی سۆری یەیان دگەل تائیفەک یان لایەنەکێ دی یێن لوبنانێ یە دژی یێ دی ب بریارەکا عادیلانەیە پەسنا وێ کرو گۆت ئەڤە ئەم بشانازیڤە پێشوازیێ لێ دکەین هەروەکا سەرۆکێ تەڤگەرا گەلێ لوبنانێ نەجاح وەکیم دبێژە یافەرە ئەم بهشیاری و حەکیمانە ڤێ بریارێ شلۆڤەکین و لسەر مەترسیا وێ کوناکۆکێ قوڵترو بەرفراوانتر بکەت ددناف هێزێن سیاسی یێن لوبنانێ دە، هەلبەت بۆ چۆن زۆرن و پێشبینی یێن زاناو سیاسەت مەدارا بهتر بە رۆڤاژی یەکی، بەلێ ئەز دبێژم ڤێجارێ ئەف دادگایا دەولی دێ بتە چەکی کوژەک بەرامبەری دوژمنێن ئەمریکاو ئیسرائیلێ لڤێ دەڤەرێ، دڤی واریدا گەرەکە ئەم چەن خالەکا دەینن سەر چەند پەیڤەکا کو ئەوژی ئەڤە، لگۆر دیتناما لێکۆلین ڤێ جارێ دێ ژکەنکە نێن مەزن کرت ل لوبنان و سوریە، ئەوژی سەرۆک کۆمارێ سوری بشار ئەسەدو بنەمالاوی یا عەلەویان، ژبلی ریفعەت ئەسەد کو ئۆپۆزسیۆنەو ماندەل کریە بۆ ژدەرڤەی وەلاتی کە ببرایێ سەرۆک کۆمارێ کۆچکری حافز ئەسەدە. دیسان ئەو لێکۆلین ژ چەند سەرانێن حکومی و ئیداری و ئەحزابێن لوبنانی دگرە، چوونکە بەری ترۆرکرنا رەفیق حەریری چەند کەسانێک گەرناس تەرۆرکرن، بتایبەتی وەکا جۆررج حاوی ئەمینداریێ گشتی یێ حزبا شیوعی لوبنانێ زۆر کەسانێن گەرناسێن دی بتایبەت سەرۆک کۆمار رێنیمەعەوەز کو ماوەیەک زۆر کورتبو سەرۆک و خواست لەشکەرێ سوریە ژ لوبنانێڤەکێشت ئەوژی ترۆرکرن، بەلێ د سەروان هەموکارێن دویر ژ دابونهریتێن مرۆڤایەتی چ کەسێ هەلویست نەبوە بتایبەتی یۆئێن و ئەنجومەنێ ئاسایشا نەتەوێ یەکگرتوو بەلێ ئیرۆ وەرگرتنا هەلویستەکێ بڤی شێوەیێ دبێ ببەجهێ مەترسیا تەڤایا دیکتاتۆرێن ڤێ دەڤەرێ ل رۆژهەلاتا ناڤین، ئەفجا سیپەل و باهۆزا ڤی دادگای دێ بیتە ئەگەرێ پاقشکرنا هەمی دەزگەهێن پالدەر بۆ کارێن ترۆریستێ، بەلێ دیسان زۆر پرسیار هەنە تائیرۆ بێ بەرسڤ ماینە ل سەر دا دگەهەکی بڤی شێوەیی، ئەوژی ئەم دکارین بێژینکا تا چ رادە دێ ئەکتیف بێ و دوارێ پراکتیکی دە دێ چ کاری گەری هەبێ، یان بتایبەت سەرانێن کەنکەنە دێ وێ رێ دەنەمان لێکۆلەران دگەل دەروینن، یان ئیعترافێ بوان گونەها بکەن و ستویێ خوە ببەنە بەر کنفێ، هەمە هۆ بسەرو ساناهی دەست ژ ئیمپراتۆریا خوە یا سیاسی و ئابۆری و چڤاکی بەردن بۆ خەلکانەکێ دی، هەلبەت ئەخ باوەرم کەس نەما نەبهستی هەلویستێ سەرۆکێ سوری بشارئەسەد کاچاوایە بەرامبەری ڤی دادگای راوەستاو بەردەوام دبێژە ئەڤە دژی سیادا حکومەتا مەیە، بەلێ زۆر بەلگە لسەر وان هەنە کو یەکەم پادەرن بۆ کارێ ترۆریستی ل عیراق و لوبنانێ و فەلەستینێ دسەر ڤێ چەندێدە هەروەکو رژێما بەعسێن بەغدا وانژی زۆر کەنکەنە ژ مرۆڤێن خوە کوشتن بتایبەتی مدیرێ مخابەراتا لوبنانێ لیوا غازی کەنعان و زۆرێن دن ئەڤەژی تاکو دەرگەهی لسەر لێکۆلە رابگرن و چ بەلگە نەمیبێ د دەستێ واندە کو وان ژی گونەهبار نەکەن و خوە رزگاربکەن بەلێ دیسان بەلگە لسەروان زۆرن جهێ داخێ یە، ئەز دبێژم ئەو وێ ێکێ نادەنەوان لێکۆلینێ دگەل دە بکەن و سەرانێن دیژی ئەڤێن گونەهبار دێ ژ لوبنانێ رەڤن، بەرەو سوریە ڤەچن و پاشی برێکێن لەشکەری دێ وان ژناڤبەن یان بکارێن دوبلۆماسی و دیالۆگی، ئەز باوەرم کەسەک دان بگونەهێن خوە نادەت و ناچتە هیچ دادگەهاکا ناف دوەلی، نەلاهای و نەل وەلاتێن وانژی ڤێ چەندێ لسەر خوە قبیل دکەن.



**فەهمی سلێڤانی**

